## بەشی یەکەم

## پێناسە و ئامانجەکان

### ماددەی یەکەم: پێناسە

مەبەست لەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان - عێراق.

دووەم: وەزارەت: وەزارەتی دارایی و ئابوری.

سێیەم: دەستە: دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە.

چوارەم: کەرەستەی پلاستیکی: هەموو ئەو کەلوپەل و پێداویستییانە دەگرێتەوە کەلە پلاستیك دروستکراون و بۆ یەکجار بەکاردەهێنرێن, وەك: (سفرەی سەفەری, قاپ, کەوچك, چەقۆ, پەرداخ, قەسەب, کیسەی نایلۆن بە هەموجۆرەکانیەوە, دەبەی پلاستیك بەهەموو جۆرەکانیەوە).

پێنجەم: کارگەکان: کارگەکانی بەرهەمهێنانی کەرەستەکانی پلاستیك بە هەموو جۆرەکانیەوە.

### ماددەی دووەم: ئامانجەکان

1- سنوردارکردنی بەکارهێنانی کەرەستە پلاستیکییەکان.

2- پاراستنی ژینگە لە پیسبون بە کەرەستە پلاستیکییەکان.

3- پاراستنی ژیان و تەندروستی مرۆڤ و زیندەوەران لە زیانەکانی بەکارهێنانی کەرەستە پلاستیکییەکان.

## بەشی دووەم

### ماددەی سێیەم:

1- وەزارەت هەڵدەسێت بە دانانی باج لەسەر هاوردەکردنی کەرەستە پلاستیکییەکان بۆ ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە رێژەی لە ٪١٠٠.

2- وەزارەت هەڵدەسێت بە دانانی باج لەسەر کارگە ناوخۆییەکانی بەرهەمهێنانی کەرەستە پلاستیکییەکان بە رێژەی لە ٪٧٥.

## ماددەی چوارەم:

1- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی کیسەی نایلۆن لە سەمونخانە و نانەواخانەکان و بەکارهێنانی تورەکەی قوماشی خامی بۆر وەك جێگرەوەی کیسەی نایلۆن.

2- قەدەغەکردنی بەکارهێنانی کەرەستە پلاستیکییەکان بەهەموو جۆرەکانی لە خواردنگە و کافتریا و شوێنە تایبەتەکان بە فرۆشتنی خواردنەوەکان, دەبێ خاوەنی ئەم شوێنانە قاپ و پەرداخی شوشە و کەوچکی ئستیل بەکاربهێن.

3- قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی خۆراکی لە پلاستیك نراو و ئەو کەرەستە پلاستیکییانەی(ژمارەیان لەسەر نییە, وە هەروەها ژمارە ٣سێ PVC و ٦شەش PS و ٧حەوت Other)چونکە زیانی زۆریان هەیە بۆ تەندروستی مرۆڤ و زیندەوەران.

4- دوای بەکارهێنانی ئەو خۆراك و خواردنەوانەی لە کەرەستەی پلاستیکی ژمارە ١یەك PET و کەرەستەی لە شوشە نراون, بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنی بەرهەمهێنانیان لە ناوخۆ یان شوێنی هاوردە کردنیان لە دەرەوە.

## ماددەی پێنجەم:

کارگەکانی بەرهەمهێنانی ناوخۆ و کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی کەرەستەی پلاستیکی بە هەموو جۆرەکانی, بە دوور دەبن لە هەموو لێ خۆشبونێك لە باج, وە هیچ سوودمەند نابن لە بڕیار و ڕێنمایی و یاساکانی وەبەرهێنان.

## ماددەی شەشەم:

هاوردەکردن و بەرهەمهێنانی کەرەستە پلاستیکییەکان, دەبێ بە ئامێری کۆنترۆڵکردن و پشکنینی جۆریدا تێپەڕبێ, بەدانانی مەرج و ڕێنمایی تایبەت کە کەمترین پلەی مەترسی هەبێ لەسەر تەندروستی و ژینگە بەپێی ستاندارده جیهانییەکان, کارگەکانی بەرهەمهێنان و کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی کەرەستە پلاستیکییەکان, دەبێ کارەکانی خۆیان بگونجێنن لەگەڵ مەرج و ڕێنماییەکان.



K.N.O.

**ماددەی حەوتەم:**

دەستە و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان هەڵدەستن بەکارئاسانیکردن بۆ ئەو کەس و لایەنانەی پرۆژەی دۆستی ژینگە ئەنجامدەدەن, بەتایبەت دامەزراندنی کارگەی دروستکردنی تورەکەی قوماشی خامی بۆر وەك جێگرەوەی کیسەی نایلۆن.

## بەشی چوارەم
## حوکمە سزایەکان

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** سەرپێچی کەری حوکمەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکانی کە بەپێی ئەوە دەرکراون, سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەك لە مانگێك کەمتر نەبێت و لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت, وە غەرامە کردن لە(٢,٠٠٠,٠٠٠)دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە(١٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دە ملیۆن دینار زیاتر نەبێت, یاخود بەیەکێ لەو دوو سزایە.

**دووەم:** لە هەرجارێك سەرپێچیەکە دووبارە بکرێتەوە سزاکە دوو بەرامبەر دەکرێتەوە.

## بەشی پێنجەم
## حوکمە کۆتاییەکان

**ماددەی نۆیەم:**

دەستە بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست بۆ جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی دەیەم:**

سەرجەم بڕە پارەی غەرامەی سزاکان دەگەڕێتەوە بۆ سندوقی ژینگە لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم.

KNO

**ماددەی پانزەیەم:**

کار بەهیچ دەقێك ناکرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

**ماددەی دوانزەیەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدرەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی سیانزەیەم:**

ئەم یاسایە لە مێژوی بلاْوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقائعی کوردستان)دا جێ بەجێ دەکرێ, لە دوای تێپەڕبونی ٩٠ ڕۆژ لە مێژوی بلاْوکردنەوەی.

**هۆکارە پێویستییەکانی**

**دەرچواندنی ئەم یاسایە**

بەمەبەستی کەمکردنەوە و سنوردار کردنی  هاوردەکردن و بەرهەمهێنانی کەرەستەی پلاستیك و پاراستنی ژینگەی هەرێمی کوردستان لە پاشماوە پلاستیکییەکان و پاراستنی تەندروستی مرۆڤ و زیندەوەران لە زیانەکانی بەکارهێنانی کەرەستە پلاستیکییەکان, ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

K.N.O